
# گویٚ ڕادێرن، یۆنگ قسە دەکات!



بۆ کوردیی: سوورێن ئیبراهیم

## ١. مرۆڤ دوو ڕۆحی هەیە.

دیداری ڕۆژنامەی 'هەواڵی ڤییەنا' لە ٩/ ١٢/ ١٩٣٢/ لەگەڵ 'کارڵ گۆستاف یۆنگ':

ئەو بانگەشەی من بە زۆریی بەرپەرچ دراوەتەوە وا پێم وایە مرۆڤ بە مێشکێکی سەرپاک جیا و تەواوی سەرشار لە


تایبەتمەندییەوە هاتووەتە بوون. بە زۆریی خەڵکان پێیان وایە هەرچی بن، هەر پەرچەکردارێکی دەروونیی بەرانبەر ڕووداوەکانی ڕۆژانە نیشان بدەن، ئەنجامی پەروەردە و فێرکردن و ژینگەکەیانە. تەنیا ژمارەیەکی کەم شتێک لەمەڕ ڕۆحی بابوکاڵەوە دەزانن. ژمارەیەکی کەمتر لەوانەش باوەڕیان پێی هەیە. گەلۆ ئێمە هەڵگری سەرپاکی مێژووی مرۆیی نین؟ بۆچی گەر باوەڕ بەوە بێنین هەریەکەمان دوو نەستمان هەیە، ئاوا دژوارە؟ کاتێک کەسێک تەمەنی دەگاتە پەنجا ساڵ، تەنیا بەشێکی بوونی نیوسەدە تەمەنی کردووە، بەشەکەی تری، کە ئەویش لە نەستیا نیشتووە، ڕەنگە ملیۆنان ساڵی تەمەن بێت. هەموو ساوایەک بە مێشکێکی سەرومڕ تۆکمەوە پێ لە بۆ جیهان هەڵدێنێ. هەرچەند لە پێڤاژۆکانی سەرەتای ژیانیدا، هێشتانەکێ زەین دەسەڵاتێکی تەواوی بە سەر جەستەوە نییە، لێ هەلومەرجی پێویستی بۆ نیشاندانی پەرچەکردار بەرانبەر جیهانی دەرێ هەیە. واتە دەتوانێت. بەم ڕەنگە هێما زەینییەکان لە سەرپاکی ژینی مرۆییدا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان پراوە دەکەن و باندۆریکی باڵکێش دەخەنە سەر بیری مرۆیی. پەرەسەندنی وزە زەینییەکان پاش لەدایکبوون دەست پێ ناکەن، زەینی مناڵ باڵاخانەیەکی تەواو ڕاستەوپاستەیە، ئەمە سەرەنجامی ژیانە بێهەژمارەکانی پێش ئەون. نابێت پێمان وابێت بێپاشخانە. لێ پێمان ناکرێت ئەو ڕابردووە دوورەی وا بارگەی نەستی ناکەسەکیی تاکە، بدۆزینەوە.

مسۆگەر نەستی کەسەکیی تەنیا لە ماوەی ژیانی تایبەتییدا گەشە دەکات و هەڵدەکشێ، سا لەم بەستێنەدا

ژینگە و پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی فرەیان هەیە. ئەم ڕۆڵە هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای ژیانی منداڵەوە دەست پێ دەکات، زۆرینە پەژراندنی زەینی ساوایەک پووچەڵ دەبینن. بەڵام ئەو دەروونشیکارانەی وا دەستوپەنجە لەگەڵ نەخۆش نەرم دەکەن، بەڵگەی وایان لە مستە، پێچەوانەی ئەمە دەسەلێنێ. مامەڵە لەگەڵ نەخۆشانی دەماریی، دەروونشیکار بەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە ڕیشەی کەموکورتیی دەروونیی بۆ سەردەمی منداڵیی دەگەڕێتەوە. هەندێ جار سەرکۆنەی ڕەق و توندی ئەو منداڵەی وا لە بێشکە و جۆلانەکەیدا خەریکی گڕوگاڵە (ئەمە ڕووداوێکی دەگمەنە)، باندۆر دەخاتە سەر سەرپاکی ژیانی ئەو زارۆکە. ئەم دوو ڕۆحە بەرهۆی ڕیزێک دژوازیین لە بیر و سۆزی کەسەکەدا. تەنانەت ڕۆحی ناکەسەکیی و کەسەکیی یەکبین لە ملەجەڕەدان. سەدان بەڵگە هەن بە دەروونشیکاری دەسەلمێنن لە هەموو مرۆڤێکدا دوو ڕۆح دەژێن. من بەوانە دەڵێم دایکی ئاگایی مرۆیی. زۆرینەی نەخۆشەکانم هەندێ نیگاری وا دەکێشن، کە ئەو خەونانەم بۆ ڕاڤە دەکەن وا هیچ لەگەڵ ڕێسا بەرچاوەکانی لای ئێمە ناساچێن. کەچی گونجانێکی سەیریان لێل نیگاری پەرەستگەکانی هند و چین هەیە. ئەم خەڵکە لە کوێوە ئەم زانیارییانەیان لەمەڕ فەرهەنگی پەرەستگە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور چنگ خستووە؟ من نەخۆشی وام دەرمان کردووە کە خەون و خەیاڵیان لەمەڕ ئەو ڕووداوانە هۆنیوەتەوە وا چەند سەدە پێش ڕوویان داوە. هەموو ئەمانە لە نەستەوە دێن، لە ڕۆحی ناکەسەکییەوە: مێشکی تەواوکۆی زارۆڵ. مرۆڤی هاوچەرخ هیچ نییە جگە لە دوامیوەی پێگەشتووی

درەختی نەژادی مرۆیی. کەسمان نازانین چی دەزانین.

## ٢. ئایا دەروونشیکاریی ڕاڤەی ئایینە؟



پوختەی وتاربێژییەکی یۆنگ لە کۆڕبەندێکی بەریتانیا:

نازانم دەبێت ئەمشەو چیتان بۆ باس بکەم، زۆرم قسە کردووە، هەر ئەمشەو دوو کەڕەت قسەم کردووە، نازانم چی تر ماوە بێژمی. تاکە ئومێدم ئەوەیە شتێک لە بیرما بخەملێ، تا بۆتانی وەگێرم.

زۆر کەس لێیان پرسیوم، بێگومان لە ئێوەشیان پرسیوە، داخۆ دەروونشیکاریی فیتاوفیت ڕاڤەی ئایینە؟ بە ڕەچاوکردنی وتاربێژییەکانی من لە (Yale) و بابەتی ئەو کۆڕبەندە، ناچار

بووم لەم کۆتاییانەدا گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندیی نێوان دەروونشیکاریی و ئایین بدەم، سا بۆیە ئێستا لە کۆتایی ئەم کۆڕبەندەدا پێم خۆشە سەبارەت بەم پرسیارە قسەتان بۆ بکەم.

دیاردەی کارابوونی نەست تایبەتە بە سەردەمی ئێمە. لە سەرپاکی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەروونناسیی خەڵک لەگەڵ ئەوەی هەنووکە هەیە، تێکڕا جیاواز بوو. ئەوان هیچ لەوە تێنەدەگیشتن وا لە دەرەوەی هەستە. تەنانەت زانستی دەروونناسیی لە سەدەی حەڤدەدا ڕۆحی تەواو پێ هەمان ئاگایی بوو.

گەر شتێکی لە جۆری تیشکی ئێکستان هەبا، تا لەو سۆنگەوە دۆخی نەستەکیی کەسێکی دووسەت یان سێسەت ساڵ پێشتان دیبا، جا ئەوەتان لەگەڵ دۆخی نەستەکیی مرۆڤی نوێدا لە بێژنگ دابا، جیاوازییەکی بەرچاوتان دەدیت. نەست لای مرۆڤی پێشین بێدەنگ و کپە، لێ لە مرۆڤی هاوچەرخدا تەواو خرۆشاو و کارایە. تەنانەت مرۆڤی پێشین وەک ئێمە هەستی نەدەکرد نەستی هەیە. نەست لە خواناسیی مەسیحییدا نیشتوو و خەوتبوو. ئەو جیهانبینییەی لەم ڕێگەوە وەچنگ هاتبوو، جیهانیی و تەواوێک یەکدەست بوو. سا هیچ درزێکی بۆ گومان و دوودڵیی نەهێشتبووەوە، مرۆڤ لە خاڵێکی دیارکراوەوە دەستی پێ دەکرد. ئوستوورەی ئافراندن، هەمووان هەموو شتێکیان لەبارەوە دەزانی. لێ ئەمڕۆ ئەو تێچنە شاهێماییانەی وا بە دەستنێژی ڕوونکردنەوەکانی کڵێسا قایلکەرانە پارێزرابوون، لەو دەرکەوتە و وێنایەی خۆیان ئازاد

بوونە و تەڵەزگە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ دەسازێنن. لە هەر ڕەهەندێکەوە هەڵڕوانین پرسیار و لاپرەسەنیی دەبیسترێن. ئەو وزە دەروونییەی وا بەم بابەتەوە پەیوەستە، ئەوەندە چالاک بووە، لە ڕابردوودا هەرگیز پێشینەی نەبووە. ناتوانین بەرپەرچی ئەو نائاگاییە ببینەوە، یەکەم جارە گشت ڕەهەندەکانی دەروون ڕۆشناییان بەر دەکەوێت. هەر لەو سۆنگەوە ئەو هەمووە (ism- ڕێباز)ـە ئاوا گەشە دەسێنن. زۆرینەی ئەم وزەیە پەیوەندیی بە زانستەوە هەیە تا مسۆگەر بێت، لێ زانست تازەیە. وا تازە پەلوپۆ دەکوتێت و ئارەزووە شاهێماییەکان تێر ناکات. ئەم دۆخەی دەروونناسیی پێشینەی نییە. بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەزموونەکانی ڕابردوو، نائاساییە، سەرەنجام مرۆڤ تازە تێ دەگات دەروونی هەیە. ئیمڕۆ ئێمە دەڵێین شتێک لە سەرماندا گێژ دەخوات، مرۆڤی پێشین هیچ سەرەندەریان لە مەبەستی ئەم ڕستەی ئێمە دەر نەدەکرد. شتی وای نەدیبوو. گەر هەستێکی وای هەبا، پێی وابوو شێت بووە، لەبری ئەمە خەڵک دەیانوت: "لە هەناوم گەڕا"، یان پێش ئەوە تەنانەت لە خوار ڕیخۆڵەشەوە هەستیان پێ دەکرد. ئەوان تەنیا لەو بیرانە تێ دەگەشتن وا نێوپەنچک[1] یان ڕیخۆڵەی دەورووژاند. واژەی یۆنانیی phren، کە بە واتای 'ڕۆح' دێت، ڕیشەی وشەی ناوپەنچکە، کاتێک بۆ یەکەم جار خەڵکی هەستیان کرد هەندێ شت پەڕیونەتە سەریان، ترسان و چوونە لای پزیشک، جا وەڵامێکی زانراویان چنگ نەخست، لەم پزیشکانەوە ئەم چەشنە تازەی دەروونناسیی گەلالە بوو، سا بۆیە ئەم دەروونناسییە بە

---

[1] Diaphragma بە واتای، نێوەندگیر و پێشگر و نێوپەنچک، یان پەردەی نێوپەنچک هاتووە، بە واتای ئەقڵ و بنچینەش دێت.

جۆرێک دەروونناسیی خەسارناسانەیە.

پێواریی و پەنهانیی باشترین دۆخە بۆ نەست. ژیان لە پەرەستگە هاتووەتە دەرێ و چیدی بۆ پاشێ ناکشێتەوە، شتی وا پێشتریش ڕووی داوە، بەپێی ئەفسانەیەک، لە سەردەمی سیزاری ڕۆمییدا، کاتێک بتپەرەستیی لە گیانەڵادا بوو، کاپتنی کەشتییەک بە نێوان دوو دوڕگەدا تێ دەپەڕی، زایەڵەی شینکێشان و هاوارێکی بڵندی ژنەوت، کە دەیگوت:

Pan ho megas tethneken. کاتێک ئەم پیاوە گەیشتە ڕۆما، داوای کرد چاوی بە ئیمپراتۆر بکەوێت، چونکە هەواڵێکی زۆر گرنگی پێ بوو، لە بنەڕەتدا پان ڕۆحێکی سرووشتیی لاوەکیی بوو، ئەرکی ئازاردانی شوانەکان بوو، بەڵام دواتر کاتێک ڕۆمەکان پتر تێکەڵی فەرهەنگی یۆنانییەکان بوون، پان لەگەڵ to pan ، بە واتای 'هەموو'، تێکەڵ بوو، بوو بە خوای جیهانی مادده (demiurgos)، ڕۆحی جیهان (anima mundi). بەم چەشنە زۆرێک لە خواکانی بتپەرەستیی لە یەک خوادا چڕ بوونەوە، جا پاشان تێگەی مرۆڤی یەکەم ڕەنگا. یەک مرۆڤ بۆ هەمووان، لەبارەی مەسیحەوە دەڵێن؛ گوایە پێشنیاری پاشایی بۆ دەکەن. ئەو لێرەدا چەپەڵترین دوژمنی دیت، دێوی هێز، لێ توانی دەستی بەڕووەوە بنێت. وتی: "فەرمانڕەوایی من سەر بەم جیهانە نییە." لێ ئێوە ئەمڕاستینە سەیرەشتان هەر بیرە: ڕۆشتن بۆ ئۆرشەلیمی پیرۆز.

هەمووومان دەبێت ئەم کارە بکەین. دەبێت ئەزموونی خۆمانمان هەبێت. دەبێت بە خەونی ژیانی خۆمانەوە بژێین.

مسۆگەر هەڵەش هەر دەکەین. گەر لە هەڵەکردن بترسیت، نەژیاویت، دەتوانین بە ڕستەیەک بڵێین، هەر ژیانێک هەڵەیەکە. چونکە هیچ کەس هەقیقەتی چنگ نەخستووە.

ئەم قسانە وەک قسەی ئایینیی دێنە بەر دیدە، لێ وانییە، من خەریکم وەک فەیلەسووفێک قسان دەکەم، هەندێ جار خەڵک من وەک ڕابەرێکی ئایینیی دەبینن، من وا نیم، هیچ پەیام و ئەرکێکم بە ملەوە نییە، تەنیا هەوڵ دەدەم تێ بگەم، ئێمە بە پێدراوە کۆنەکە فەیلەسووفین، ئەڤیندارانی ژیریی، ئەمە وا دەکات هەندێ جار لە هاوڕێتیی خانەگومانانەی ئەوانەی وا ئایینێکیان هەڵبژاردووە، بترسم.

هۆ هەڤاڵان، دوا قسەم کە گەرەکمە بە هەمووتانی بێژم، ئەوەیە؛ تا پێتان دەکرێت بژێن، تەنانەت گەر هەڵە و چەوتییش بێت، چونکە ژیان دەبێت بشێوێنرێت و مرۆڤ دەبێت لە سۆنگەی هەڵەوە دەستی بە هەقیقەت ڕابگات. جا مرۆڤ بن، پەیجووری زانین بن، لە سۆنگەی ڕامان و گریمانەوە فەلسەفەی خۆتان بۆ ژیان مشتوماڵ بدەن، لەم ڕێگەوە دەکرێت ڕۆح بە زیندووی لە نەستی هەموو کەسێکەوە بناسین.